The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydi Geli Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## بانگەوازێك بۆ كاری هاوبەش

### بانگەوازێك بۆ جەماوەری كوردستان
### بۆ سەرجەم لایەن و ڕێكخراو ناوەندە كوردی و كوردستانییەكان

خۆشەویستان ئێمە نامانەوێت ئەو خۆشییە لە جەماوەری كوردستان به گشتی و كەس و كاری قوربانیان بە تایبەتی بسێنینەوە , كە بەهۆی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام حسێنەوە دەرچوو , وەلێ پێمان وایە غەدرێكی گەورە لە قوربانیانی كورد كراوە و هەلێكی زێڕینیان لە كیسی دا , بەوەی ئەو تاوانكارانە بەرامبەر بەو تاوانانە سزا نەدران كە دژ بە نەتەوەكەمان ئەنجامدراون , ئەمەش لە دەستپێكدا بەوە دەستی پێكرد , سەدام و هاوكارانی بەرامبەر بەو تاوانانە دادگایی نەكران دژ بە گەلەكەمان ئەنجامیان دابوو .

بۆیە بە پێویستی دەزانیین داوا لە هەموو لایەك بكەین , لە لایەنی سیاسی و ڕێكخراوەی جەماوەری , ناوەندەكانی مافی مرۆڤ و ژنان و ڕێكخراوەكانی دژ بە ژینۆساید , قوتابیان و لاوان , ڕۆژنامەنووسان و نووسەران لە ناوخۆی كوردستان و دەرەوە , هەموو پێكەوە پاڵەپەستۆ درووست بكەین , بۆ ئەوەی بڕیاری ئیعدامی سەدام حسێن جێ بەجێ نەكرێت تاكو كۆتایی پرۆسەی دادگاییەكە .

هەرچەندە ئێمە پێمان وایا ئەو دڕندانە شایەنی هەموو جۆرە سزایەكی توندن , ئەو بڕیارە دادپەروەرییە بەرامبەر بەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە , وەلێ كورد لەو دادپەروەری و تۆڵە سیاسییە بێ بەری كرا , لێرەوەیە ئێمە لەگەڵ درێژەی پرۆسەی دادگاییەكەوەین بە ئامادە بوونی تاوانكارانی سەرەكی لە هۆڵی دادگا , بۆ ئەوەی پرۆسەی دادگاییەكە لە هەمبەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر كورد كراوە گرنگی یاسایی و سیاسی خۆیان لە دەست نەدەن .

دەبا هەموو پێكەوە پاڵەپەستۆ لەسەر دادگای باڵای تاوانەكان و حكوومەتی عێراقی دروست بكەین , دۆسییەكانی كورد لە دادگا بزر نەبن , سەدام و هاوكارانی لە ناو قەفەسی دادگا ئامادەبن , لە پرۆسەی دادگایی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە كورد ئەنجامیان داوە . تۆڵەی قوربانیانی ئێمە كاتێك بەدەست دەهێنرێت :

- ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە كورد ئەنجامدراون به ژینۆساید بناسرێن .
- حكوومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە نەتەوەی كورد بكات لە بەرامبەر ئەو تاوانانە .

– سەدام و هاوکارانی بەرامبەر بەو تاوانانەی دژ بە نەتەوەی  کورد ئەنجامیان داوە سزای توند بدرێن , نەك لە هەمبەر تاوانی دیکە کۆتایی بە تەمەنی نەگریسیان بهێنرێت   .

**ناوەندی چاك**

**2006–11–5**

www.chak.info
chak_org@yahoo.com